Komala Party - Iranian Kurdistan
Secretariat

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەتی

## راگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە دەربارەی

# هەواڵی گیان لەدەستدانی سێ کەس لە مەریوان

بەپێی ئەو هەواڵانەی بەدەستمان گەیشتوون، سێ کەس بە ناوەکانی: "جەمیل بام زەر، هەڵۆ میرزایی و شوعەیب بەهرامی" کە پێشتر پێشمەرگەی کۆمەڵە بوون لە رووداوێکی نیزامی لە ناو شاری مەریوان پێری شەو بەدەستی بەکرێگیراوانی رژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی گیانیان لە دەست داوە. بەم جۆرە رادەگەیەنین کە بەپێچەوانەی ئەو هەواڵانەی لە بەعزێک لە ماڵپەرە ئینتێرنێتییەکان بڵاو بۆتەوە، ئەم سێ کەسە پێشمەرگەی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران نەمابوون و لەچەند کاتی جیاوازدا لە مانگەکانی رابوردوو ریزەکانی کۆمەڵەیان بەجێ هێشتبوو. هەروەها ئێمە رادەگەیەنین کە هیچ چەشنە مەئمورییەتێک لەلایەن کۆمەڵەوە بەو کەسانە نەسپێردرابوو، هەمووانیش دەزانن کە ئێمە بۆ نەهێشتنی ئەو چەشنە کردارە لە ریزەکانی کۆمەڵە لە مانگەکانی رابوردوودا چ هەوڵێکمان داوە.

لەکۆتاییدا خەم و پەژارەی خۆمان بەبۆنەی ئەم رووداوە دڵتەزێنەوە و گیان لە دەستدانی ئەم سێ کەسە دەردەبڕین و پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان پێشکەش بە بنەماڵەکانیان دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین.

**سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**١٠ی جوزەردانی ٨٧**

Web: www.komala.org
E-mail: secretariat@komala.org